

**أفضل المؤمنين إيمانا أحسنهم خلقا**

**باشترینی ئیمانداران ئەوەیانە کە ڕەوشتی لە هەموویان جوانترە**

الحمدلله وحده والصلاة والسلام على من لا نبى بعده..
ئەم گۆڤارەیەی کەلەبەردەستتدایە گۆڤارێکی ڕۆشنبیری ئاینی بێ لایەنە بەناوی ڕەوشت ومانگی جارێك دەردەچێت داواکارین لە خوای گەورە ڕێزو شەرەفی خزمەت کردنمان بە دینی ئیسلام پێ ببەخشێت.دڵسۆزی (ئیخلاص)و بەردەوامیمان پێ ببەخشێت. خوای گەورە بمان گێڕێت بەکەسانێك کە پەیامەکەی ئەو ئەگەیەنن و بانگەوازی بۆ لا ئەکەن ، وە خوای گەورە هەموو لایەك سەرفراز بکات.

## پێناسی گۆڤارەکە

١ــــ گۆڤارێکی ڕۆشنبیری ئاینی یە بەناوی ( ڕەوشت ).

٢ــ کۆمەڵێك لە خوێندکارانی زانکۆ و دەرچوانی زانکۆ بەڕێوەی دەبەن...

٣ــ گۆڤارێکی بێ لایەنە مانگی جارێك دەردەچێت.

٤ــ ئەم ژمارەیەی (ژمارە یەك) کەلەبەردەستت دایە ژمارەیەکی ئەزموونییە..

**پێغەمبەر(ﷺ) ئەفەرمووێت**

**خوای گەورە تەوبەکردنی گەنجێکی لە هەموو شتێك پێ خۆشترە**

**جامع الأحاديث (ج ١٩ / ص ١٨٠)**

**ئارام عبدالرحمن.پزیشکی گشتی**

مرۆڤەکان هەموویان هەڵە وسەرپێچی خوای گەورە ئەکەن جگە لە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام)، هەروەك پێغەمبەر(ﷺ) ئەفەرموێت « هەموو نەوەی ئادەمیزاد هەڵەکارەو هەڵە وتاوان ئەکات بەلاٌم باشترینیان ئەوەیانە کە تەوبە ئەکات و ئەگەڕێتەوە، » رواه الترمذي وابن المنذر والبيهقي
لە فەرموودەیەکی قودسیدا پێغەمبەر(ﷺ) ئەفەرمووێت: خوای گەورە ئەفەرموێت ﴿ئەی بەنی ئادەم ئەگەر تۆ بانگم بکەیت ولێم بپاڕێیتەوە و ئومێدت بەمن هەبێت ئەوا لێت خۆش دەبم لەوەی کە لەسەرتە وە گرنگ نییە بەلامەوە، ئەی بەنی ئادەم ئەگەر تاوانەکانت ئەوەندە زۆر بن بگەنە لوتکەی ئاسمانەکان وە دوایی داوای لێخۆش بوون لە من بکەی ئەوا لێت خۆش دەبم و گرنگ نییە بەلامەوە، ئەی بەنی ئادەم ئەگەر تۆ ئەوەندە تاوانت هەبێ بەئەندازەی پڕایی زەوی وپاشان بگەڕێیتەوە بۆ لام لەقیامەتدا بەمەرجێك هیچ جۆرە شەریك و هاوبەشییەکت بۆم بڕیار نەدابێت ئەوا من بەئەندازەی پڕایی زەوی لێت خۆش دەبم..﴾ رواه الترمذي ،الحديث حسن صحيح.
خوای گەورە زۆر میهرەبانە بەرامبەر بەندەکانی ،خوای گەورە ڕەحمەتی بەدەستی موبارەکی خۆی نوسیوەتەوە بۆئەوەی بەڵگەیەك بێت لەسەر زۆری و فراوانی لێخۆش بوونی ، هەروەك پێغەمبەر(ﷺ) ئەفەرموێت "کتب ربکم

على نفسه بيده قبل أن يخلق الخلق: رحمتي سبقت غضبي" صحيح إبن ماجه ، واته خوای گەورە لەسەر خۆی نوسیویەتی بەدەستی خۆی پێش ئەوەی کە دروستکراوەکان دروست بکات ،کە ڕەحمەت و بەخشندەیم پێش تورەیی و سزام کەوتوە. وە پێغەمبەر(ﷺ) ئەفەرموێت « التَّائِبُ مِن الذَّنْبِ كمَنْ لا ذَنْبَ لَهُ » ابن ماجه ،والطبراني ،والبيهقي ،واتە ئەو کەسەی لە تاوانەکانی تەوبە ئەکات و ئەگەڕێتەوە وەك ئەوە وایە تاوانی نەکردبێت. ئەمانە کۆمەڵە فەرموودەیەکن وا لە دڵ دەکەن بەنووری ئیمان و تەوبەکردن و گەڕانەوە ڕۆشن و ئاسوودە بێت، وادەکەن خوات زیاتر خۆش بوێت و چی تر زیاتر گوێ ڕایەڵی بکەیت و زیاتر دەست لەتاوان هەڵگریت ودەرون و ڕۆحت شادو ئاسودە بکەی بە زیاتر نزیك بوونەت لێی.

برای موسڵمانم خوشکی بەڕێزم تەوبەکردن لەباشترینی کارەکانە و ئەوەش بزانە تەنها بەوەنابێت کە بەس بە زار بڵێیت (خوایە تەوبە) و دەست لە تاوان هەڵنەگریت ومەرجەکانی تەوبەکردنت تێدا نەبێت ،تەوبە کاتێك تەوبەیە کە ئەم مەرجانەی تێدابێت:ـ

١ــ دڵسۆزی بۆ خوا، واتە تەنها لەبەر خوا تەوبە بکات و دەست لە تاوان هەڵگرێت و مەبەستی ڕەزامەندو عەبدایەتی ئەو بێت بەتەنها.

٢ــ پەشیمان بوونەوە لەو تاوانانەی کەکردوویەتی ، چونکە هەست کردن بە پەشیمانی بەڵگەی ڕاستێتی تەوبەکردنە وخاوەنەکەی واهەست دەکات ئەو تاوانەی لەکۆڵنەبوەتەوە تاوەکو تەوبە نەکات لێی.

٣ــ بەیەکجاری دەست لەتاوانەکە هەڵگرێت ،بۆنمونە ، پەیوەندی لەگەڵ خزمەکانی (صلەی ڕەحمی)باش نییە چی تر دەبێت باشی بکات ، پۆشاك وجل و بەرگی ناشەرعی یە چی تر دەبێت پۆشاکی حەیا و ڕێز و شەرعی لەبەر بکات.وەئەگەر تاوانەکە پەیوەست بوو بە مافی خەڵکی یەوە ئەوە پێویستە لەسەری کە مافەکەیان بۆ بگەڕێنێتەوە ماڵی بردوون بۆیان بگەڕێنێتەوە ،غەیبەت و بوهتانی کردوون چی تر دەبێت نەیکات وبەباشە باسیان بکات...هتد.

٤ــ سوور بێت وجەغت بکاتەوە لەسەر ئەوەی کە لە داهاتوودا نەگەڕێتەوە سەر ئەو تاوانە نەك هەر بەدەم و هەر کاتێك بۆی کراو توانای هەبوو هەمان تاوان بکاتەوە.

٥ــ پێویستە تەوبەکردنەکە پێش هاتنی سەرەمەرگ بێت وە پێش ئەوەی ڕۆژ لە ڕۆژ ئاواوە هەڵبێت.

**پەروەردگار ئەفەرموێت ﴿إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ﴾ [القمر:٤٩]**

**واتە بەڕاستی ئێمە هەموو شتێکمان بە ئەندازەی پێویست دروست کردووە و ئەندازەگیریمان کردووە**

نوور .کۆلێژی ئەندازیاری

ئەگەر ئادەمیزاد بەووردی سەرنج لە دروست کراوەکانی خوای گەورە بدات ، بێگومان ئەمەی بە باشی بۆ ئاشکرا دەبێت، وەرە سەرنج لەلاشەی ئادەمیزاد بدە دەبینیت کە چۆن خوای گەورە بەجوانترین شێوە خوڵقاندوویەتی و هەرچیەك مایەی ژیانی بێت بۆی فەراهەم هێناوە ، هەروەها دەست و دەم وچاو و گوێ و لوت وزمان و ددان وئەندامەکانی تری لەش هەر کام لەو ئەندامانەی لەشی ئادەمیزاد ئەگەر لەو جێگایە نەبوایە کە ئیستا لێیەتی ، دیمەنێکی زۆر ناشیرنی بەئادەمیزاد دەدا، وەك ئەوەی چاوێکی بە تەوقە سەریەوە بوایە.!! گوێچکەیەکی لەجێگای چاوێکی بوایە..!!

تەماشای گیانلەبەرانی دیکە بکە گەورە بن یان بچوك هەر کامیان ژیانی خۆی بە پێی ئەو ئیلهامە خواییە دەباتە سەر کەپێی دەگوترێ(غەریزە)،لەوە ڕێگایەوە سوود و زیانی خۆی دەزانێت و دۆست ودوژمنی خۆی دەناسێت! ، وە خوای گەورە هەر جۆرە گیاندارێك جۆرە چەکێکی پێداوە بۆ ئەوەی خۆی پێ بپارێزێت لە دوژمنت، تەماشاکە بۆق کە گیاندارێکی بێ دەسەلاتە بەلام بۆ پارێزگاری کردن لە خۆی خودا توانای پێداوە کە بۆنێکی زۆر ناخۆش لە خۆی دەربکات ، ئەگەر دوژمنێکی نزیکی ببێتەوە لە بێزاریدا لێی دوور دەکەوێتەوە.!جاهەر لەبەر ئەوەشە(والله أعلم) کە پشیلە ناتوانێت توخنی بکەوێت و بیخوات.

سەرنجی زەوی بدە، لەشێوە وقەبارەکەی ، لەو دوورییەی کە هەیەتی لەگەڵ هەریەك لەخۆر و مانگدا، کەئەگەر دوورتر یان نزیکتر بوایە ژیانی مرۆڤ لەسەر ئەم زەوی یە ،مەیسەر نەدەبوو ،سەرنجی هەلۆ بدە کەباڵندەیەکی بەهێزە و تەمەنی درێژە وبێچووی کەم هەڵدێنێت هەر بۆیە ژمارەی هەلۆ کەمە ، خۆ ئەگەر بهاتایە لەگەڵ ئەو تەمەنە درێژەی کەهەیەتی بێچووی زۆریشی هەڵبهێنایە ئەوە باڵندەی بچوکیان نەدەهێشت هەموویان دەخوارد...کەچی مێش بە ملوێنەها گەرا دادەنێن ودەبنە مێش بەلام تەمەنیان لە دە تا پانزەڕۆژ تێناپەڕێت ...خۆئەگەر تەمەنی درێژ بوایە ئەوە سەرانسەری زەوییان دادەپۆشی وژیانی مرۆڤ مەحاڵ دەبوو.. سەرنجی منداڵ بدە کەلە دایك دەبێت لە مەمکی دایکی دا شیرێکی سادەو ساکار هەیە بەلام بەپێی گەورە بوونی منداڵەکە شیری دایکەکە هەم زۆر دەبێت هەم بەپێی پێویستی لاشەی منداڵەکە ڕێژەی مادده پێکهێنەرەکانی وەکو شەکر و پرۆتین وچەوری و....ی تیا زۆر دەبێت.!

بێ گومان باسی گەورەیی دەسەلاتی خودا وئەو ئەندازە گیرییە ووردەی کەلە دروستکراوەکانیدا ڕەچاوی کردووە بەهەزاران پەڕەش تەواو نابێت چونکە کارەکانی خودا بێ حیکمەت نین وبەپێی ئەو حیکمەتەش ڕادەو ئەندازەی شتەکان دیاری دەکات...

جا پاکی وبێگەردی بۆ ئەو پەروەردگارە خاوەن دەسەلات ومەبەست و حیکمەت بەرزە کە { خَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيراً } ﴿الفرقان:٢﴾ هەموو شتێکی دروست کردووە و بەوردیش ئەندازەگیری بۆ کردووە.

## پەروەردگار پەرستنێك قەبوڵ دەكات كە.. ؟!

دیاری ئەنوەر. کۆ،ئەندازیاری – بیناکاری

پەروەردگار مرۆڤەکانی خۆش دەوێت ،ئەیەوێت لێیان خۆش بێت و بیانکاتە بەهەشتەوە و باشترین خەلاتیان بکات ،ئەوتا ئەفەرموێت { وَاللَّهُ يَعِدُكُمْ مَغْفِرَةً مِنْهُ وَفَضْلًا وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ (٢٦٨) }واتە (الله ئەیەوێت لە گوناهەکانتان خۆش بێت ، وە پاداشتی زیاترتان بداتەوە لەسەر کارێکی کەم..). بەکەمترین کردەوەی چاك (بەمەرجێك مەرجەکانی کردەوەی چاکی تێدابێت ) زۆرترین پاداشتی بۆ مرۆڤەکان داناوە ، خوای گەورە مرۆڤ و جنی بۆ پەرستن و عیبادەت کردن دروست کردوە ،خۆی ئەفەرموێت {وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ } ﴿الذريات:٥٦-٥٧﴾. واتە (مرۆڤەکان و جنم دروست نەکردووە تەنها بۆ پەرستن نەبێت..) وە بۆ ئەوەی ئەو مەبەستەی کە مرۆڤەکانی لەپێناودا دروست کردوە بەتەواوی بێتەجێ و جێگەی خۆی بگرێت و شایانی ڕێزلێ گرتن و پاداشتدانەوە بێت ئەوا پێغەمبەرانی (علیهم الصلاة والسلام) ناردووە بۆ ئەوەی بە خەڵکی و مرۆڤەکان بڵێن کە خوای گەورە هەموومانی بۆ پەرستن دروست کردووە و ئێمەی پێغەمبەرانی

ناردوە بۆ ئەوەی بۆ خەڵکی ڕوونبکەینەوە کە عیبادەت چییە ؟ و کێ شایانی عیبادەت بۆ کردنە ؟و دەبێت چۆن مرۆڤەکان ئەنجامی بدەن ؟ ڕێساو یاسایەکی جوان و ئاسانی بۆ داناون تاوەکو هەموویان بەو شێوازە خواکەیان بپەرستن ، وەئەگەر بەو شێوازە نەبوو ئەوا پەرستن سوودی نییە و بە خۆماندوو کردن دادەنرێت...ئێستا بەکورتی مەرجەکانی پەرستن و عیبادەت کردن باس دەکەین کەهەر عیبادەتێك یەك مەرج لەو مەرجانەی تێدانەبێت ئەوا قەبووڵ نییە و وەرناگیرێت و کردنی بێ سوودە و سزاشی بە دواوەیە ...

**یەکەم:** بڕوابوون بەتەنهایی خوای گەورە (الإيمان بالله).

پەروەردگار ئەفەرموێت { وَمَنْ يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتِ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى **وَهُوَ مُؤْمِنٌ** فَأُولَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلا يُظْلَمُونَ نَقِيراً} ﴿النساء١٢٣-١٢٤﴾. واتە ( هەرکەسێك کردەوەی چاکە بکات چی نێربێت یان مێ بەمەرجێك ئیماندداربێت ئەوا ئەچنە بەهەشتەوە و بەئەندازەی تەنکی تونێکڵی دەوری ناوکە خورمایەك ستەمیان لێ ناکرێت ) ...

**دووەم :** کردنی کارەکە لەبەر خوای گەورە و بۆخوای گەورە (الاخلاص).

پەروەردگار ئەفەرموێت {وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ} ﴿البينة:٥﴾واتە (ئەمریان پێنەکراوە بەوە نەبێت خوا بپەرستن بەڵام بەتاك وتەنها وبەئیخلاصەوە) ،وە پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرموێت ( إنما الأعمال بالنيات وإنما لكل امرئ ما نوى) الصحيحين البخاری ومسلم. واتە کردەوەکان تەنها بە نیەتەوە بەسراون وە مرۆڤیش ئەو پاداشتەی بۆ هەیە کە نیەتی لەپێناویدا هێناوە. ئای کە مرۆڤەکان نیەت و نیازی جیاجیایان هەیە لە کارەکانیاندا !! ،دوو کەس هەمان پەرستن دەکەن بەڵام لای خوای گەورە وەك شەو و ڕۆژ فەرقیان هەیە لەبەر جیاوازی لە نییەتیاندا!! ... **هەر بۆیە** هەرپەرستنێك لەبەرخوای گەورە نەکرێت نەك پاداشتی چاکە وەرناگیرێت بەڵکو سزای خراپ وبەئێشیش بۆ خاوەنەکەی هەیە...

**سێ یەم :** شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەکردنی پەرستنەکەدا (الاتباع)

پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرموێت ( من عمل عملاً ليس عليه أمرنا فهو رد ) مسلم وأحمد...واتە (هەر کەسێك کارێك پەرستنێك بکات وە فرمانی ئێمە (خوا و پێغەمبەری خوا(ﷺ)) ی لەسەر نەبێت ئەوە ڕەد دەکرێتەوە ووەرناگیرێت) کارێك کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەیکردبێت ئەوا هیچ پێی ناوترێت پەرستن و هیچ پاداشتی لەسەر وەرناگیرێت...ئەگەر مرۆڤەکان بەئارەزوی خۆیان و عەقڵی خۆیان خواپەرستیان بکردایە ئەوا خوای گەورە پێغەمبەرانی نەئەنارد و هیچ پێویستی نەئەکرد بەرنامەو شێوازی پەرستن بۆ مرۆڤەکان ڕوون بکەنەوە.. وە خوای گەورە ئەفەرموێت{وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا} ئەوەی کە پێغەمبەر(ﷺ) ئەمری پێ کردن ئەوە بکەن وە ئەوەشی ئەو نەهی وقەدەغەی لێ کردن ئەوە مەکەن... کارێك پەرستنێك لەبواری دیندا نەك لەبواری دونیادا لەسەر سونەتی پێغەمبەر(ﷺ) نەبێت ئەوا پێی ئەوترێت داهێنراو لەدیندا( عیبادەتێکی تازە وبیدعە لەدیندا) بۆیە سزا هەیە بۆ خاوەنەکەی...

# کچان وئافرەتانی پێشین و سەحابە...؟! ئەی ئێستا..؟!

جەزا نوری.کۆلێژی دەرمانسازی

بەناوی خودایەك کە هەموو بونەوەر پەرستن وبەندایەتی ئەو دەکەن، نامەیەك ،چەپکە گوڵێك لە باخچەی ماڵەکانی کچانی سەحابە و پێشینانی چاکی ئەم ئومەتەوە بە گوڵاوی ئیمان و تەقوا و لە خواترسانیانەوە لە دڵی مەشغوڵ بوویان بە قیامەت و زاری پاراو بوویان بە یادی خوا و ڕووخساری پڕ ئیمان و تەقوایان دەگەیەنمە دەستی تۆی خوشکی موسڵمانم.

پەیامێك لە دڵی دڵسۆز و خاوێنی کچان و خوشکانی سەحابەوە لەسەر زاری ئەوانەوە پەیامێکتان بۆ ئەنوسم ،لەناخی دڵیانەوە بە تۆی کچ و هاوڕەگەزی خۆیان ئەڵێن، سەلامی خوات لێبێت ئەی خوشك و دادەی خۆشەویستمان ،وەرە بۆ ساتێك هەموو بیروبیرەوەریەکانی ژیانی پڕ بەرزی و نزمی دونیا وەلا بنێین و کەمێك پشوو بدەینە ڕۆح و جەستە ماندوەکەمان،ساتێك سەفەرێك بکەین بۆ سەیرانگەوهەوارگەی ئاسودەیی و کەمێك کۆچ بکەین و دوور بکەوینەوە لە دونیا وهەم و غەم وناخۆشیەکانی، خوشکی خۆم ڕۆژێك دێت تۆی گەشتیار دەگەی بە دوا هەوارگەی گەشت و سەفەرت ،و باری قورسی ژیان هەمووی لەسەرت لا ئەچن و ژیان تۆش بەرێ دەکات وەك زۆرێکی بەرێ کرد، وریابە ئامان خوشکی خۆم ،سەد ئامان خۆشی وگاڵتەجاری ژیان بێ ئاگات نەکات لە لەخواترسان ، لە بەهەشت وخۆشییەکانی، لە دۆزەخ وناخۆشییەکانی ، خوشکی خۆشەویستم ناڵێین بە کزی وداماوی بژی وخۆشی ژیان لەبیربکە، بەڵکو ئەڵێین خۆشیە حەڵاڵەکانی ژیانی دونیا لەدەست مەدە و هەوڵی سەرەکی وهەمیشەیت بۆ بەردەوام بوونی ئەو خۆشیەبێت ئەویش بەوەی لەقیامەتیشدا هەر لەخۆشی و بەختەوەری دا بیت.....

کاتی ئەوە نەهاتووە کە بێ فەرمانی خوای گەورە بە خراپە و تاوان بزانیت ودەستیان لێ هەڵبگریت و پۆشاکی ناشرعی و ڕوخسارو سەر ڕووتیت بگۆڕیت وئەم پاشماوەیەی ژیانت لە خواپەرستیدا تاقی بکەیتەوە وبەسەربەریت ؟ ئەی خوشکی خۆم دڵسۆزت کەسێکە کە بەبێ هیچ نیازێکی دوور و نزیك پێت دەڵێت وریابە خوشکی خۆم ڕۆژێك هەیە پێی ئەڵێن قیامەت؟! ،بۆ خۆت بژی چونکە تۆی لەقیامەتدا لێ پرسینەوەت لەگەڵ دەکرێت..

ئێستا وەرە سەیری خواپەرستی و خواناسی کچان و خوشکانی پێش خۆتان بکەن وپاشان بیر بکەرەوە .

١ــ قال أحمد بن أبي الحواري: خرجت أم هارون من قريتها تريد موضعها فصاح صبي بصبي (خذوه) فسقطت أم هارون فوقعت على حجر فدميت فظهر الدم من مقنعها.واتە جارێکیان ئوم هارون(خوا لێی ڕازی بێ) ویستی لە گوندەکەی خۆیان بچێتەوە بۆ ماڵ لەڕێگا گوێی لە منداڵێك بوو بە منداڵێکی تری ئەووت <u>خذه</u> ( لەو کاتەدا ئوم هارون ئەو ئایەتەی کەوتە بیر کەخوای گەورە ئەفەرموێت {<u>خُذُوهُ</u> فَغُلُّوهُ ثُمَّ الْجَحِيمَ صَلُّوهُ ثُمَّ فِي سِلْسِلَةٍ ذَرْعُهَا سَبْعُونَ ذِرَاعاً فَاسْلُكُوهُ} ﴿الحاقة:٣٠-٣٢﴾واتە ﴿ لە قیامەتدا پەروەردگار بەمەلائیکەتەکان ئەفەرموێت ئەو خراپەکارە بگرن و بیبەستنەوە بە زنجیرێك کە درێژییەکەی حەفتا باڵ درێژە وپاشان فڕێی دەنە ناو ئاگری دۆزەخەوە﴾ )، هەر لە وێدا لە ترسی ئەو ووشەیە کەوت و سەری دای بە بەردێکا و سەری خوێنی لێ هات ولە ناو سەرپۆشەکەیەوە خوێن هاتە دەرەوە.!!دڵی زیندوو بەبێ ئامۆژگاریش ئەترسێت وعیبرەت وەردەگرێت لەو ڕاستیانەی کە ئەیبیسێت و ئەیبینێت ،بەڵام دڵی بێ

ئاگاو مردوو بە پێ ووتن و ئامۆژگاریش سوود وەرناگرێت .!!

٢ــ عن يحيى بن الراشد قال : كنا عند ( عفيرة العابدة) (رحمها الله) فقدم إبن أخ لها طالت غيبته فبشرت به ، فبكت ! فقيل لها : ما هذا البكاء ؟اليوم يوم فرح وسرور ،ماردت بكاء ثم قالت : والله ما أجد للسرور فى قلبى مسكنا مع ذكر الاخرة ، ولقد أذكرنى قدومه يوم القدوم على الله ، فمن بين سرور ومثبور ثم غشى عليها ..واتە یەحیای کوڕی ڕاشد ئەڵێ : لەلای عەفیرە بووین(کە ئافرەتێکی خواناس بوو) برازایەکی ماوەیەکی زۆر وون بوو بوو مژدەیان بۆ هێنا ووتیان : برازاکەت هاتەوە.. ئەویش دەستی کرد بە گریان..! پێیان ووت : ئەم گریانەت بۆچی ؟ ئەمڕۆ ڕۆژی خۆشی ودڵ خۆشییە.. زیاتر دەستی کرد بە گریان و پاشان وتی : وەڵاهی لەبەر بیری قیامەت هیچ سروور خۆشیەك جێی نەماوە لە دڵما.. هاتنەوەی ئەو هاتنەوەی خۆمی بیر خستمەوە کەکاتێ ئەڕمەوە بەردەستی خوای پەروەردگار بۆ موحاسەبەکردن جا یان بەختەوەر یان ڕەنجەڕۆ ئەبم .!پاشان لەهۆش خۆی چوو..!

٣ــ قال محمد بن فضيل: حدثنا أبى قال : كانت معاذة البدوية إذا جاء البرد (الشتاء) لبست الثياب الرقاق حتى يمنعها البرد من النوم عن قيام الليل) واتە معازەی بەدەوی (خوای لێ ڕازی بێت) هەر کاتێ زستان بهاتایە ، جل و بەرگی کەم و تەنکی لە شەودا لەبەرئەکرد تا کەمێ سەرمای ببێ وخەوی لێ نەکەوێت و لەشەو نوێژ بێ بەش نەبێت ..

٤ــ ثويبة بنت بهلول تقول: ( قرة عينى ما طابت الدنيا والاخرة الا بك ، لا تجمع علي فقدك والعذاب ): سوێبەی کچی بەهلول ئەیووت: ئەی بینایی چاوەکانم ( خوایە گیان) دونیا و ئاخیرەت بێ تۆ هەردووکیان ناخۆشن ، خوایە لە قیامەتدا دوو سزام لەسەر کۆمەکەرەوە سزای لە تۆ بڕان و سزای جەهەنم..

ئەبی مەریەم ئەڵێ: ووتم بە ئەبی عبدالله ی لیبراثی چەند ئەگریت و تاکەی ئەگریت ؟ ئەویش پەنجەی پێ پیشان دام کە مویەکی لولکراو بەسەر پەنجەیەوە بوو، کردیەوە و درێژی کرد و پاشان ووتی : ئەگەر پەڕینەوەی قیامەت بەسەر پردێکی ئا لەم جۆرەدا بێت کام قاچ لەسەر ئەمە خۆی دەگرێ .؟!پاشان دەستی کردەوە بەگریان..

کورتەی ئەم نامەیە پێت ئەڵێت ئەی خوشکی خۆم دینی خوا دینێکی ئاسانە و هەوڵبدە پۆشاك وجل وبەرگت و ڕوخسارو ناوەوەت جێگای ڕەزامەندی ئەو خوایە بێت کە دروستی کردوویت و ئەیەوێت بەهەشتت بەخەڵات بکات...

## چەند سیفەتێکی ئیماندار لە هەندێ لە فەرموودەی پێغەمبەردا "ﷺ"

### یەکەم: ئیماندار وەکو دارخورما وایە.

صلاح فائق.کۆ.ئەندازیاری – پلانسازی

(ئیبن عمر) (رضي الله عنه) دەفەرمێت پێغەمبەر "ﷺ" بە هاوەڵەکانی فەرموو ((هەواڵی دارێکم بدەنێ وەك ئیماندار بێت، خەڵکەکە بیریان لە درەختی دەشتەکی دەکردەوە (ئیبن عمر) دەفەرمێت منیش لە دڵی خۆمدا ووتم ئەوە دارخورمایە – خەریك بوو بیڵێم- بەڵام قسە زانەکانی دانیشتنەکە بێدەنگ بوون، لەو کاتەدا پێغەمبەر "ﷺ" فەرمووی دارخورمایە)). (صحیح مسلم ٢٨١١).

(ئیبن عمر) (خوا لێی ڕازی بێت فەرموویەتی کە پێغەمبەر "ﷺ" فەرموویەتی ((مثَلُ الؤمن مَثَل النخلَة ما أتاك منها نفعك)) (أخرجه الحافظ البزاز (٤٣) كشف

الاسرار) واتە "ئیماندار وەك دارخورمایە- هەرچی یەکت پێ ببەخشێت سوودی هەیە بۆت". لەڕاستیدا لەم یەك چوانەدا چەند نهێنیو زانیارییەك هەیە کە زۆر بەسودن ئەگەر لێی ورد بینەوەو قسەی لەسەر بکەین ئەو زانیاریانەش ئەمانەن:.

١. دار خورما ئەگەر ماددەیەك نەبێت ئاوی بدات بەزیندووی نامێنێتەوە و وشك دەبێ بەهەمان شێوە ئیمانیش ئەگەر خاوەنەکەی هەموو ساتێك پاراوی نەکاتەوە بە خوێندنەوەی قورئان و زانستی بەسوود و کرداری چاکە ئەوە بێگومان ئەو درەختی ئیمانە ووشك دەبێت هەروەك أبو هورەیرە(ﷺ) فەرموویەتی ((إن الایمان یخلف من القلب کما یخلق الثوب مجددوا إیمانکم)) (حدیث صحیح رواه الحاکم (٤،١). واتە "ئیمان لە دڵدا دروست دەبێت و دەفەوتێ چۆن کراس دروست دەکرێو دەفەوتێ بۆیە ئیمانتان زوو تازە بکەنەوە".

٢. جێگیربوونی دارخورما لە زەویداو بە گران هەڵکەندنی، باوەڕداریش پێویستە وابێت، باوەڕەکەی لە دڵیدا جێگیر بێو بە گران هەڵبکەندرێ.

٣. تام و بۆن خۆشی وشیرینی فرە سوودی بەرهەمی دارخورمایە، باوەڕداریش هەروایە قسەو گوفتارو ڕەوشتی جوانی زۆرە بۆ خۆی و خەڵکی تریش.

٤. جوانی پۆشاك و جل و بەرگی درەختە کە بەهاوین و بەزستان- بەهەمان جۆر ئیمانداریش پۆشاکی تەقواو جوانیيەکەی لێ نابڕێتەوە تاکو دەمرێ، خوای گەورە دەفەرمێت ((ولباس التقوی ذلك الخیر)). (الاعراف ٢٦).

٥. ئاسانیو سادەیی خواردنی بەرەکەی، وە ئاسانی سەرکەوتن بەسەریدا چونکە وەك پلیکانە قادرمەی هەیە بۆ سەرکەوتن، باوەڕداریش فروفێڵی نییە خەڵکی سوودی لێ وەردەگرن و بەرهەمەکەی دەخۆن بەبێ بەرامبەر.

٦. دار خورما بەئارامترین دارە، سەبارەت بەناڕەحەتییەکانی وەك (ڕەشەبا، بێ ئاوی،...هتد)، بەهەمان شێوە ئیمانداریش ئارام گرە بەرامبەر بەو ناڕەحەتییانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

٧.دارخورما تا تەمەنی درێژ تربێت زیاتر بەپیت و بەرەکەت دەبێت، بەهەمان شێوە چەندێ تەمەنی ئیماندار زیاتر درێژ بێت ئەوەندە زیاتر سوودمەندە بۆ موسڵمانان لە هەموو ڕووەکان.

## ناسینی زیادکاری لە دین و دوائاشنابوون بە ئافاتەکانی لە ڕوانگەی قورئان و سوننەتەوە

زانیار. ئامادەیی صەلاحەدینی کوڕان

سەلامی خواتان لێبێت براو خوشکە سەربەرزەکانم ،ئەوانەی لە عەفافیەت وپاکی و بەرەکەتی ئیسلامەوە شەرەف مەندی خوداناسی و شوێن هیدایەت کەوتنتان پێ براوە و بەنیەتێکی پاك وبێگەردەوە دەستتان بە شرعی خوداوەوە گرتوە و هەق ویست و دەرگای دڵتان کراوەیە بۆ هەر فەرمانێکی خوا و پێغەمبەرەکەی(ﷺ) . تەمەنا ئەکەم لەخوای بالأدەست (ڕەوشت) ببێتە هاوڕێیەکی باش و ڕوح سوکتان، وەببێتە هۆکارێ لەو هۆکارانەی ڕووسوری دین ودونیاتان پێ پیشان بدات(إن شاء الله) وە داوا لە(الله) ی بالأدەست ئەکەم گشت لایەکمان لەژێر سێبەری عەرشی خۆیدا کۆ بکاتەوە لەو ڕۆژەی کە هیچ سێبەرێك نیە جگە لەسێبەری عەشی خوا(جل جلاله)،(یوم لا ضل إلا ضله)

ولە ئاگری دۆزەخ بمان پارێزێت ونەمانكاتە خۆراكی ئاگرو جەنات النعیم بكاتە كۆتا مەنزڵمان، آمین یارب.

خوشك وبراكانم هەروەك دیارە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا برێك ئافات ڕووی لە موسڵمانان كردوە كە(سبحان الله) گشت موسڵمانێك هۆكارەكانی نازانێت و لێ ی تێناگات وە زۆر كەمیشن ئەوانەی كە بەڕاستی خەمخۆری ڕاستە قینەی دینی ئوممەتن ، یەك لەو ئافاتانە كە ڕووی لە موسڵمانان كردوە و مێژوویەكی هەیە لە ناو ئەم ئوممەتەدا بریتییە لە:

تازەگەری وزیاد كردن وكەمكردن لەدینی خوادا لەلایەن موسڵمانانەوە كە بەڕاستی زۆرێك لەموسڵمانانی مایە پوچ كردوە و لەنێوانیاندا گەنجانیش پشكی خۆیان بەركەوتووە لەزیانی ئەو هەڵە گەورەیە، جا با پێناسێكی زیادەكاری(البدعە) بكەین لەشەرعی خوادا پاشان بزانین پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) چۆن ئامۆژگاریمان دەكات..

لە زمانەوانیدا (بدعە) بە دوو واتادێت:

١ـ بەواتای هیلاكی و ماندووبون دێت بۆنمونە كاتێك دەوترێت (ابدعت الأبل) واتە ووشترەكە ماندوو بوو برسی بوو...

٢ـ بەواتای شتێكی داهێنراو كە پێشتر هاوشێوەی نەبووبێت ،وەك خوای گەورە ئەفەرموێت {قُلْ مَا كُنْتُ بِدْعاً مِنَ الرُّسُلِ} ﴿الاحقاف: ٩﴾ واتە پێیان بڵێ خۆ من پێغەمبەرێك نیم كە پێش من پێغەمبەر نەبووبێت یان من شتێكی نوێ (تازە داهێنراو)نیم ). واتای (بدعە) لە زمانەوانی عەرەبی دا ئەوەیە و لەو دووە دەرناچێت.

بەڵام پێناسە ومانای (بیدعە) لەشەرعی خوادا ئەوەیە : هەر كردارێكە یا گوفتارێكە ، شاراوەبێت یان ئاشكرا بەمەبەستی خواپەرستی بكرێت، بەڵام بەشێوازێك بێت كە بەڵگەی قورئان و فەرمودەی صەحیحی پێغەمبەری(صلی الله علیه وسلم) لەسەر نەبێت یان لەسەری بێت بەڵام جیاوازبێت لەگەڵ چۆنییەتی ئەنجام دانی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) بۆ ئەو پەرستنە، لە ڕووی كات كردنی ئەو پەرستنەوە ،یان شێوازی كردنی ئەو پەرستنەوە ،یان شوێنی كردنی ئەو پەرستنەوە.وە ئەگەر سەیرێكی فەرموودەكانی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) بكەین ئەبینین حوكم و دەرئەنجامی داهێنان وبیدعەكاری لە دیندا چییە؟ ، دیارترینیان حەدیسەكەی عیرباضی كوڕی سارییە(رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) ئەفەرموێت( وإياكم و محدثات الأمور، فإن كل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة) مسلم(١٣/٣٨ـ٣١) واتە وریابن ئامان لەتازەداهێنراوەكان لەدیندا ، هەموو تازەگەرییەك لە(دین)دا بیدعەیەوداهێنراوە وەهەموو داهێنراوێك لە(دین)دا گومڕایی یە. لەڕیوایەتێكی تردا فەرمووی(هەموو گومڕاییەكیش سەرئەنجامەكەی لە ئاگری دۆزەخدایە) رواه نسائی وحسننە ٣/١٨٨.

وە عائیشە(رضي الله عنها) ئەفەرموویت:پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی ﴿من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد ﴾ رواه البخاري ومسلم،واتە هەركەسێك شتێك لە دین دا دابهێنێت وە ئەو شتە لەدیندا نەبێت ئەوە بەسەری خاوەنەكەیدا ڕەت دەكرێتەوە و لێی وەرناگیرێت.وە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) ئەفەرموێت ﴿ من عمل عملا ليس عليه أمرنا فهو رد ﴾رواه مسلم.واتە هەركەسێك هەركردەوەیەك بكات بەمەبەستی خوا پەرستی وە ئەو كردەوە فەرمانی ئێمە ( خوا و پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم))ی لەسەر نەبێت ئەوە كردەوەكەی ڕەت دەكرێتەوە.

كەواتە هەركەسێك كارێك ئەنجام بدات ونیسبەتی بدات بۆ لای دینی خوا و ئەو كارە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) نەی كردبێت و فەرمانی پێ نەكردبێت ئەوە بەناو چاوانی خاوەنەكەیدا دەدرێتەوە و كردەوەكەی لێ وەرناگیرێت ،

بە پشتیوانی خوای گەورە لە باسەکانی تردا زیاتر باسی حوکم و زیانەکانی و قسەی زانایان و ڕەدی هەندێك لەو گومانانە ئەدەینەوە کە لە سەر ئەم باسە هەن.

تێبینییەکی گرنگ :برای خۆشەویستم خوشکی موسڵمانم کاتێك کە ئەوترێت بیدعە وداهێنان خراپە و تاوانێکی گەورەیە و خوای گەورە سزای بۆ خاوەنەکەی داناوە مەبەست لێی بیدعەو داهێنانە لە بواری دیندا نەك لە بواری دونیایی دا ،ئێمە باس لە داهێنانی ئۆتۆمبیل و تەیارە و کۆمپیتەر و...ئەوانە ناکەین ئەوانە کاری داهێنانی دونیایی باشن و ئیسلام هانمان دەدات کە داهێنەر بین لەبواری دونیادا بەڵام قەدەغەمان لێ دەکات وسزاشی داناوە بۆ کەسێك کە داهێنان لە دیندا دەکات و شتی تازە دێنێتە ناو دینەوە یان شتی لێ کەم دەکات.

## ترسان لە ئاگری دۆزەخ

هێمن عطا.کۆلێژی دەرمانسازی

پێویستە موسڵمان لە خوای گەورە بترسێت و ترسی هەبێت لە سزاکەی ،پەروەردگار دەفەرموێت ﴿فَاتَّقُواْ النَّارَ الَّتِي وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ﴾ ﴿البقرة:٢٤﴾ (الزمر:١٦) واتە: (خۆتان لە ئاگرێك بپارێزن کە سووتەمەنیەکەی مرۆڤ و بەردە ،و بۆ بێ باوەڕان ئامادەکراوە). ابن عباس (رضي الله عنه) : أن رسول الله (ﷺ) تلا هذه الآية { يا أيها الذين آمنوا اتقوا الله حق تقاته و لا تموتن إلا و أنتم مسلمون } قال : و الذي نفسي بيده لو أن قطرة من الزقوم قطرت في بحار الأرض لفسدت على أهل الدنيا معايشهم فكيف بمن تكون طعامه.المستدرك على شرط الشيخين.ئیبن عەباس(رضي الله عنه) ئەفەرمووێت:پێغەمبەر(ﷺ) ئەو ئایەتەی سەرەوەی خوێندەوە کە خوای گەورە ئەفەرموێت (ئەی ئیمانداران لەخوا بترسن بەڵام بەڕاستی لە خوا بترسن وە نەمرن هەر بە موسڵمانێتیەوە نەبێت) و پاشان فەرمووی : سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە ئەگەر بێتوو دڵۆپێك (قەترەیەك) لە زەقووم بڕژێنرێتە ناو دەریاکانی سەر زەوی ئەوا ژیان و گوزەرانی لە ئەهلی سەر زەوی تێك دەکا، جا ئەبێت حاڵی ئەو کەسە چۆن بێت کە زەقووم خواردنێتی لەناو دۆزەخدا.!!

ئەنەس (رضي الله عنه) دەفەرموێت: «أن رسول الله (ﷺ) قال لجبريل : ما لي لم أر ميكائيل ضاحكاً قط؟ قال : ما ضحك ميكائيل منذ خلقت النار » السلسلة الصحيحة(٢٥١١).واتە : پێغەمبەر (ﷺ) بەجبریلی فەرموو: بۆچی هەرگیز میکائیلم نەبینیوە پێبکەنێت ؟ ، ئەویش فەرمووی لەوکاتەوەی کە خوای گەورە دۆزەخی دروست کردووە میکائیل پێنەکەنیووە، هەر بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) ئەفەرموێت (ان ناركم هذه جزء من سبعين جزءا من نار جهنم فقال رجل انها لكافية يا رسول الله قال فإنها فضلت عليها بتسعة وستين جزءا حرا فحرا ) مسند أحمد بن حنبل - (ج ٢ / ص ٤٧٨).واتە ئا ئەم ئاگرەتان بەشێکە لە حەفتا بەشی ئاگری جەهەنم، پیاوێك ووتی بەس ئەم ئاگرە بەس بوو ئەی پێغەمبەری خوا.پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئاگری جەهەنم شەست ونۆ جار لەم ئاگرە گەرمترە کە ئەوانیش یەك لەدوای یەك گەرمییەکەیان زیاد دەکات.

هەروەها ئەبوهورەیرە(رضي الله عنه) گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر(ﷺ ) فەرموویەتی:(مارأيت مثل النار نام هاربها ،ولا مثل الجنة نام طالبها).السلسلة الصحيحة(٩٥١) واتە :((نەم بینیوە وەك دۆزەخ ڕاکردووەکەی خەوتبێت ، وە نەم بینیوە وەك بەهەشت داواکارەکەی خەوتبێت)) .عامری کوڕی قەیس(رضي الله عنه)

دەفـەرمویٚت ( نـەم بینیـوە وەك بەهەشـت داواكارەكـەی خـەوتبێت، وە نـەم بینیـوە وەك دۆزەخ ڕاكردووەكـەی خـەوتبێت، وەكاتێـك شـەو دەهـات دەیـووت ،گـەرمی دۆزەخ خەوی نەهێشتوم ، پاشان نەدەخەوت تا بەیانی دەكردەوە ، وەكاتێكیش نیوەڕۆ دەهات دەیوت: گەرمی دۆزەخ خەوی نەهێشتوم ، پاشان نە دەخەوت تا ئێوارە و شـەویش دیـسان دەهـات دەیـووت: هـەر كەسـێك بترسـێت زوو دەكەوێتـە ڕێ و لەدوایـشدا خـەڵكان چـاكیەتی زوو كەوتنـە ڕێیـان بـۆ دەردەكەوێت)اخرجە:هناد(الزهد) (٨٠٥) اسنادە حسن.

سـوفیانی كـوڕی عویەینـە ( رحمەاللـە ) دەفـەرمووێت ((خلق الله النار رحمة یخوف بها عبادە لینتهوا))اخرجە ابو نعیم(الحلیة)(٧|٢٥٧) . واتە :خوای گەورە دۆزەخی وەك ڕەحمەت و بەزەییەك دروست كردووە و بەندەكانی خۆی پێ دەترسێنێت تا خویان بە دوور گرن لە تاوان و كارە خراپەكان.

كەواتە پێویستە لە كارەكانمان بە ئاگا بین وەترسی سزاكانی خوای گەورەمان لە دڵدابێت، زیاتر كارە چاكەكانمان بەدڵسۆزی و گونجان لەگەڵ قورئان و فەرموودە صەحیحەكانی پێغەمبەردا(ﷺ) ئەنجام بدەین وە زیادیان بكەین، ئەو كارە چاكانە ئەنجام بدەین كە دەبێتە هۆی چونە بەهەشتمان( إن شاءالله)،وە خۆمان بە دوور بگرین لەو كارو ووتە خراپانەی كە نزیكمان دەكەنەوە لە دۆزەخ..

## ترسان لە فەتوادان بەبێ عیلم

هەردی صدیق.كۆلێژی دەرمانسازی

خواناسان و پێشینانی چاكی ئەم ئومەتە زۆر خۆیان بەدوور گرتووە لە فەتوادان و بەكارێكی ترسناكیان سەیركردووە، چونكە فەتوادان وقسەكردن لە بابەتی حەڵاڵ وحەرامدا كارێكی سەختەوپێویستی بە زانیاری هەیە بە قورئان وفەرموودە صەحیحەكانی پێغەمبەر(ﷺ)، لێپرسینەوەی قیامەتی لەسەرە، فەتوادان بەبێ زانستی شەرعی سەرەنجامەكەی ڕەنگە حەڵاڵ كردنی حەرامێك بێت یان حەرام كردنی حەڵاڵێك بێت پەنا بەخوا كە ئەوەش زۆر ترسناكە ،چونكە ئەگەر هەڵە بكات ئەوا جگە لە خۆی ئومەتێكیش بە هەڵەدا دەبات، هەر بۆیە جارێكیان پیاوێك پرسیاری كرد لە ئیمامی مالیك لە مەسەلەیەكدا.. لەوەڵامدا ئیمامی مالیك(بەڕەحمەت بێ) فەرمووی: بەباشی نایزانم، پیاوەكە ووتی:من لە كوێ و كوێ وە كەوتومەتە ڕێ بۆلای تۆ بۆ ئەم پرسیارە! ئیمامی مالیك پێ ی فەرموو: ئەگەر گەڕایتەوە بۆ شوێنەكەی خۆت پێیان بڵێ كە من ووتومە باش نایزانم..!

بۆیە ئەبێ مسوڵمان زۆر لەم مەسەلەیە بترسێ و بەبێ هەبوونی زانستی شەرعی هەر لە خۆیەوە قسە لەشەرعی خوای گەورەدا نەكات ،وەئەگەر مەسئەلەیەك نازانێت با بڵێت نایزانم زۆر باشترە لەوەی كە قسە بە دەم شەرعی خوای گەورەوە بكات و خۆی تاوانبار بكات،ئەوەتا خوای گەورە ئەفەرمووێت ﴿إِنَّمَا يَأْمُرُكُمْ بِالسُّوءِ وَالْفَحْشَاءِ وَأَن تَقُولُواْ عَلَى اللَّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ﴾ واتە شەیتان هەمیشە فەرمانتان پێ ئەكات بە هەموو خراپەیەك(السوء) وكاری خراپەكاری(الفاحشة) وە فەرمانتان پێ ئەكات كە قسە (فەتوا) بەدەم خوای گەورەوە بكەن بەبێ عیلم.محمەدی كوڕی سیرین(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەگەر پرسیارێكی لێ بكرایە دەربارەی بابەتێكی شەرعی لە حەڵاڵ و حەرام ڕەنگی هەڵئەبزركا و تێك ئەچوو بەجۆرێك كە لەوكەسەی پێشتر نەئەچوو..وە ئەگەر موسڵمان لە بابەتێك شارەزانیە و نایزانێت ئەوا ئەوەی كە پێویستە

لەسەری ئەوەیە کە بپرسێت لە کەسێکی شارەزاو لە خواترس وئەمین( لەکەسێك نەپرسێت کە بۆی بشەرعێنێت) هەروەك خوای گەورە ئەفەرموێت {فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لا تَعْلَمُونَ} ﴿النحل:٤٣﴾. واتە پرسیار لە زانایان و شارەزایان بەدینی خوا بکەن ئەگەر شتێکتان نەزانی.

برا وخوشکی موسڵمان ئەوەی لەسەر تۆ پێویستە ئەوەیە کە هەر کاتێك دەتەوێت شتێك بزانیت لەشەرعی خوادا کە ئایا حەرامە یان حەڵاڵ ئەوا پێویستە سەیری بەڵگەی قورئان وفەرمووده صەحیحەکانی پێغەمبەر(ﷺ) بکەیت و ئەو دووانە بە قسەی هیچ کەسێك نەگۆڕیتەوە و قسەی هیچ کەسێك پێش قسەی خوا وپێغەمبەرەکەی(ﷺ) نەکەیت، ئەوەتا عبدالله کوڕی عەباسی مامی پێغەمبەر(ﷺ) (خوای لێ ڕازی بێت)بە هەندێك لەوانەی سەردەمی خۆی ئەفەرموو: يوشك أن تنزل عليكم حجارة من السماء، أقول: قال رسول الله (ﷺ)، وتقولون: قال أبو بكر وعمر. أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن – (ج ٧ / ص ٣٢٨) ، واتە ئەترسم خوای گەورە بەرد ببارێنێت بەسەرتانا لە ئاسمانەوە ،من ئەڵێم پێغەمبەری خوا(ﷺ) وای فەرموو،ئێوەش ئەڵێن ئەبو بەکر و عومەر وایان فەرموو.جا کە قسەی ئەبو بەکری صدیق و عومەری کوڕی خەطاب (ڕەزای خوایان لێ بێت وەك لێشیان ڕازی بوو) دروست نەبێت بخرێتە پێش قسەی خوا و پێغەمبەری خواوە(ﷺ) کە باشترین دوو دروستکراوانی خوان دوای پێغەمبەران، ئەوا زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە دروست نییە قسەی زانایەك ، مامۆستایەك(مەلایەك)، هەرکەسێك، بخرێتە پێش قسەی خواو پێغەمبەری خواوە(ﷺ).هەر بۆیە دروست نییە بۆت لەبەر قسەی مامۆستایەك کارێك بکەیت و لەو لاشەوە پێغەمبەر(ﷺ) قەدەغەی لێ کردبێتیت.



## نوێژ



نما . کۆلێژی دەرمانسازی

نوێژ (الصلاة) لە زمانەوانیدا بەواتای نزاو پاڕانەوە دێت بەیەك دەنگی زانایانی زمانەوانی، پاڕانەوە لە خودا بۆ یارمەتی دانت بۆ بەجێهێنانی ئەرکی بەندایەتی ، لوتکەی ئەو داواکاری وپاڕانەوەیەش لە ئایەتی {إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ} الفاتحة: ٥ دایە ،لەبەشی یەکەمدا ئەرکی بەندایەتی ڕادەگەیەنێت و لەبەشی دووەمیشدا داوای یارمەتی و کۆمەك دەکرێ.

بەڵام مانای نوێژ لە شەرعدا بەو گوفتارو کردارانە دەوترێت کە هەر لە (الله أكبر) ی نوێژ دابەستنەوە دەست پێ دەکات وبەسڵاودانەوەی دوای تەحیات خوێندن کۆتایی دێت، لەگەڵ نیەت هێنان بەمەرج وڕوکنە تایبەتەکانیەوە.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام زۆر گرنگی داوە بە نوێژکردن ،وە هەڕەشەی توندیش دەکات لەو کەسانەی گوێی پێ نادەن وفەرامۆشی دەکەن، نوێژ یەکێکە لە پایە گرنگەکانی ئیسلام لە داوای شایەتی دان بە تەنهایی خوداو ڕاستێتی نێردراوی وپێغەمبەرایەتی محمد(ﷺ) دێت ، کۆڵەکەی ئایینە ، گەورەترین فەرزی ئیسلامە ، باشترین کردەوەیە ، گەورەترین عیبادەتی جەستەیە ، تەنها عیبادەتە لەسەرووی هەموو ئاسمانەکانەوە فەرزکراوە، نوێژ کلیلی بەهەشتە ، یەکەم کردەوەیە لە قیامەتدا لێ پرسینەوە و موحاسەبەی لەسەردەکرێت، کۆتا ئامۆژگاری پێغەمبەر(ﷺ)بوو بۆ ئومەتەکەی پێش سەرەمەرگ دوای ئەوەی کە لەشیرك و هاوبەش بڕیاردان

ئومەتەکەی ئاگادار کردووە فەرمووی « الصلاةَ الصلاةَ وما ملكت أيمانكم » البخاري في الأدب المفرد ج١/ص٦٧ .واتە ئاگاداری نوێژەکانتان بن ،نوێژەکانتان، وەئاگاداری ئەو ئافرەتانەبن کە لە لای ئێوەن.

ئەی خوشکانی خۆم سەیرێکی ئەو فەرموودەیە بکەن وبیرێك بکەنەوە ،بەڕێزترین و گەورەترین مرۆڤی سەر ئەم زەوییە لە سەخترین ساتەکانی ژیانیدا (پێش مردنی بەکاتێکی کەم) دوا ئامۆژگاری خەڵکی دەکات بەدوو شت ، یەکەم: نوێژەکان،دووەم: ئاگاتان لە ئافرەتان بێت وڕێزیان بگرن ومافەکانیان کە خوای گەورە بۆیداناون جێ بەجێیان بکەن. وەپەروەردگار ئەفەرموێت { إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَّوْقُوتًا } ﴿النساء:١٠٣﴾ واتە ( بێ گومان نوێژ فەرمانێکی پێویست وکات بۆ دیاری کراوە ،بەهیچ شێوەیەك دروست نییە سستی تێدا بکرێت وفەرزە لەسەر ئیمانداران ) ،لەڕاستیدا چاك بوونی دەروونەکان لە چاککردنی عەقیدەو ڕێك و پێك بەجێهێنانی نوێژەکانەوە دەست پێ دەکات، چونکە نوێژ ئاوێنەی کردەوەکانی موسڵمانە.

## ئارام گرتن لەسەر تاوان

هاودەم هاشم. کۆلێژی دەرمانسازی

بەڕاستی ئارامگرتن لەسەر تاوان لە گەورەترین جۆرەکانی ئارامگرتنە و بەرزترینی پلەکانێتی هەمیشە و بەردەوام نەفسی مرۆڤ داوای چێژ وەرگرتن دەکات لە شتە خراپەکان (حەرامەکان) ، هەر کەسێکیش ئارام بگرێت لەسە ر خۆپاراستن لەسەر تاوان ئەوە بەرز بۆتەوە بۆ پلە بەرزەکان ، مەیمونی کوری مەهران دەڵێ :

ئارامگرتن دوو جۆرە ئارامگرتن لەسەر بەڵاو ناخۆشی کە شتێکی باشە ،لەویش باشتر وچاکتر ئارام گرتنە لەسەر نەکردنی گوناه و تاوان.

جا ئەی ئەو کەسەی کەباری سەر شانی خۆتت بە تاوان قورس و گران کردووە و سەفری سەختی قیامەتت زیاتر ئاڵۆز و ناخۆشتر کردووە لەسەر خۆت ، ئایا جارێك بیرت لەسەرەنجامی خراپی تاوان کردوەتەوە؟ بەڕاستی تام و چێژی حەرام وەك بروسکەی هەور نامێنێت وئەڕوات بەڵام تاڵی و دەرئەنجامەکەی چاوەڕێت دەکات و وەك بەرد لەسەرت کەڵەکە دەبێت، ئەگەر مرۆڤێك ژیری ئەوەندە بڕ بکات کە تام و لەزەتێکی کاتی بە بەهەشتێکی هەتاهەتایی بگۆڕێتەوە ئەوە شایستەی داخ و ئاخ هەڵکێشانی هەتاهەتایی دەبێت لە دۆزەخدا.

عبدالرحمانی کوڕی محمد دەڵێ: ئارامگرتنی ڕۆژێك لەسەر تاوان چاکترە لەسەر ئارامگرتن لەسەر کۆت وزنجیرەکانی ئاگری دۆزەخ . بەڕاستی کەسێك لەم دونیایەدا وردبین بێت بۆ سوود و بەرژەوەندیەکانی خۆی تەنها ئەو کەسەیە کە خۆی دەپارێزێت لەتاوان.

کەسێك لە گەنجی وخۆشحاڵی ژیاندا تاوان و گوناه نەکات خوای گەورە لە ناخۆشی و تەنگانەکانی هەم دونیا و هەم قیامەتیش ڕزگاری دەکات.

## مەبەست لە بانگەوازمان

## بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە و میهرەبان ، پاشان هەوڵدان بۆ

١ــ شارەزاکردنی تاکەکانی ئەم میللەتە بە ڕۆشنبیری پاکی ئاینی ئیسلام ، ئیسلامێك دوور لە توند و تیژی ، دوور لە کەم و زیاد کردن ،وە هەوڵدان بۆ تێگەشتن و پەیڕوکردنی ئەو ئیسلامە پاك و بەرینە وەك پێشینانی چاکی ئەم ئومەتە لێی تێگەشتن و پەیڕویان کرد و لەسەری بوون ...

٢ــ پاکردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی مرۆڤی موسڵمان ، لەشیرك و کوفر و تاوان ، وەدوور کردنەوە و وەلانانی ڕەوشتە نەخوازراو و ناشیرینەکان لە کردار و گوفتاریاندا...

٣ــــ زیندوکردنەوەی هەستی برایەتی و یەکتر تەواوکردن و هاوکاری کردن لە سەر کاری چاکەو لەخوا ترسان و گرنگی دان بە یەکتری. خوای گەورە دەفەرمویێت (وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ) واتە ( ئیمانداران لە هەردوو ڕەگەزەکە ئەولیا و خۆشەویستی یەکترن و لە نێوان خۆیاندا ئەمر بەچاکە ئەکو نەهی و قەدەغە لەخراپە ئەکەن ).

## بانگەوازێك لەلایەن گۆڤاری ڕەوشتەوە

گەر دەتەوێت خۆت ئاسوودە بیت ، گەر دەتەوێت خەڵکیش ئاسوودەبن، گەر دەتەوێت خۆشت وخەڵکیش شارەزابن بە دینی خوای گەورە وفەرمان پێ کراو و قەدەغەکراوەکانی، گەر دەتەوێت خزمەتێك بە ئیسلام بکەی ،گەر دەتەوێت خۆت بناسیت و گوێت لە ترپە و ڕازو خواستە ڕاستەقینەکانی دڵ و دەرون و ڕۆحت بێت ، گەر دەتەوێ دڵت ئاسودە و ڕۆحت شادو چاوەکانت هەمیشە لە خۆشیدا بن چونکە بەڕاستی پەروەردگار لە سوەرتی الرعد: ٢٨ ئەفەرموویێت {ئاگاداربن بە زیکری خوا ( بەقورئان، بەدینەکەی خوا) دڵەکان ئارام وبەختەوەر دەبن}. گەر دەتەوێت خراپە زیاتر وزۆرتر بڵاونەبێتەوە و سەردار و باڵا نەبێت ، گەر دەتەوێت قەڵغان و چیایەك بیت لە بەردەم پلان و فروفێڵی شەو و ڕۆژی کەسانی خراپ و خراپ ویستدا ،گەر دەتەوێت کەسێك بەهۆی تۆوە کەمێك زیاتر بەهۆشی خۆیدا بێتەوە ، گەر دەتەوێت کەسێك بەهۆی تۆوە ڕۆژێك زووتر دەست لەتاوان و هەڵە و سەر پێچی هەڵگرێت..گەر دەتەوێت ...وچەندانی تریش....

ئەوا یەکەمین هەنگاوت هەڵبنێ بەرەو سەرکەوتن و شوێن پێی سەرکەوتوان بدۆزەرەوە و چی تر پشویەك بدە بە ئاوارەی و برسییەتی ڕۆحە شەکەت وماندووەکەت و بڕیاری ئەوە بدە کە دەبێت مرۆڤ سوود بەخش بێت بۆ خۆی و بۆ دەوروبەرەکەی و ئەم فەرمانەی خوای گەورە جێ بەجێ بکە کە دەفەرموێت {وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ} آل عمران: ١٠٤ باکۆمەڵێك لە ئێوە بانگەشەو بانگی خەڵکی بکەن بۆ چاکە وئەمر بەچاکەو نەهی لەخراپە بکەن.وەبەڕاستی ئەوانە سەرکەوتوو و سەرفرازن ، ئەوا ئامۆژگاری وفەرمانی حەبیب و طەبیبەکەی دڵی موسڵمانان (ﷺ) جێ بەجێ بکە کە دەفەرموێت (بلغوا عنی ولو آیة) (الجمع بین الصحیحین البخاری ومسلم – (ج ٣ / ص ٣٣٦ لەمنەوە دین بگەیەنن ئەگەر تەنها ئایەتێکیش بێت، و کەسێك بە لە گرووەی خزمەتکارانی دینەکەی خوای گەورە، تۆی موسڵمان

خـاوەن باشـترین پـەیام و بەرنامەیـەکی ، دە لـەخۆت بپرسە ئەتەوێ چی بۆ بکەی و هەڵوێستت چۆن بێت بەرامبەری ؟

## بۆ ئەوانەی کە بەشداری دەکەن

بـۆ هەرکەسـێك کەدەیـەوێت بەشـداری بکـات لـە بڵاوکردنەوە و نوسینی بابەت لە گۆڤاری ڕەوشتدا ئەوا ئەم خاڵانەی لای خوارەوە جێگای بایەخ و گرنگی پێ دانن....

«١». بابەتـەکان هـەڵقوڵاوی ئایـەت و فـەرمووودە صەحیحەکانی پێغەمبەر ج بن....

«٢». کورتی وپوختی بابەتەکان..ما قل ودل..

«٣».هەوڵبدرێت بابەتەکان زیاتر ئاراستەکردن بێت بە بەکارهێنانی زمانێکی ئامۆژگاری کردن ...

«٤». هەوڵبدرێت بابەتەکان بەتایپکراوی بنوسرێت...

### هاوکـــاری کردنی گۆڤارەکــە

* لە هەژاری مەترسە هەرگیز ماڵ بەخشین لە ماڵ کەم ناکات ، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت : ( ثلاث والذي نفسي بيده إن كنت لحالفا عليهن **لا ينقص مال من صدقة فتصدقوا** ....) (صحيح الترغيب والترهيب – ج ٢ / ص ٣٢٢ ، سێ شت هەن سوێندبێت بەو کەسەی کە گیانی منی بە دەستە سوێنیان لە سەر ئەخۆم، **یەکەم هەرگیز ماڵ بەبەخشین کەم ناکات جاکەوابوو ببەخشن و خێری لێ بکەن**

* بەندە ڕاستەکانی خوای گەورە (عباد الرحمن) سیفاتیان وایە کە ماڵ ئەبەخشن و ڕەزیل و چروك نیین وە لە هەمان کاتیشدا زیادڕەویش نین، پەروەردگار ئەفەرموویت{وَالَّذِينَ إِذَا أَنْفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَلِكَ قَوَامًا} الفرقان ﴿٦٧﴾.

## چی تر بۆدەست کەوتنی هەر ژمارەیەکی ڕەوشت ئەتوانیت سەردانی ئەم سایتانە بکەیت.....

سایتی فیردەوس...

www.firdews.com

سایتی ئیمان وەن...

www.iman1.com

چەندین سایتی تریش.......

## بۆ ناردنی بابەت و پێشنیارەکانتان

- بۆ هەبوونی هەر زانیاریی یەك دەربارەی گۆڤاری ڕەوشت
- بۆ گەیاندنی پێشنیار وتێبینیەکانتان...
- بۆگەیاندنی بابەت ونوسراوەکانتان....
- بۆ گەیاندنی هاوکاری وبەشداری کردن

لەبڵاوکردنەوەی ئەم گۆڤارەدا ئەوا پەیوەندی بکە بە :-

Rewsht2010@gmail.com
Rewsht2010@yahoo.com

سلێمانی ٠٧٧٠٢٤٧٠٥٥٧

کەلار ٠٧٧٠٢٤٥٧١٣٠